# کوڕە منداڵێکی جولەکە خزمەتی پێغەمبەری دەکرد -صلى الله علیه وسلم

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: غوڵامێکی -کوڕە منداڵێکی- جولەکە خزمەتی پێغەمبەری دەکرد -صلى الله عليه وسلم-؛ و(غوڵامەکە) نەخۆش کەوت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆئەوەی سەردانی بکات، ولە لای سەری دانیشت، پێی فەرموو: «مسوڵمان بە»، ئەویش (غوڵامەکە) سەیری باوکی کرد لەکاتێکدا لە لای دانیشتبوو؟، (باوکی) ووتی: گوێڕایەڵی ئەبو قاسم بکە، بۆیە (غوڵامەکە) مسوڵمان بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو لە لای وفەرمووی: «الحمد لله (حەمد وسوپاس بۆ ئەوە خودایەی) ڕزگاری کرد لە دۆزەخ».

[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

غوڵامێکی -کوڕە منداڵێکی- جولەکە لەو جولەکانەی لە مەدینە دەژیان، خزمەتی پێغەمبەری دەکرد -صلى الله عليه وسلم-؛ و(غوڵامەکە) نەخۆش کەوت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەردانی کرد وبانگەوازی کرد بۆئەوەی مسوڵمان بێت، ئەویش (غوڵامەکە) مسوڵمان بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: الحمد لله (حەمد وسوپاس بۆ ئەوە خودایەی) ڕزگاری کرد لە دۆزەخ.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee